بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لە کە پایەبەرزن و خۆیان بەخاوەنی میللەت دەزانن..

سڵاو وریز..

بەڕێزان: پێموایە لەرێی ئەنتەرنێتەوە دەتوانم بەئاسانی ئەو کێشەیەی کە هەمە بیگەیەنمە بەردەستی جەنابتان.. جا بە هیوای چارەسەرم

بەڕێزان.. خەڵکێکی زۆرو زەبەن لەم کوردستانەدا هەن کە "کرێچی"ن، واتە ماڵەکانیان لە کۆڵ ناوە، هەر ماوەیەك لە گەڕەکێکن.. کە منیش یەکێکم لەو ماڵە بەدبەختانە..!! تا ژوورێك، یا خانوویەکمان دەست دەکەوێت، بەرد شەق دەبات، ئەمجا یاساو رێسای خاوەنی خانوو لەولاوە بووەستێت کە خۆی لێت دەکاتە سەر پشت و بە خۆشحاڵیەوە نرخێکی خەیاڵی کرێکەت پێ رادەگەیەنێت، کە نەك مووچەکەت، بگرە دەبێ بۆ دابینکردنی ئەو کرێیە، قەرزیشی بۆ بکەی، ئەمجا سەروبەر دەردەچێت، و هەروەها خاوەن خانوو داوای دە مانگ یا ساڵێك پێشەکیشت لێ دەکات.. بۆیە بەلای منەوە کرێچی لە کێشەو قەیرانێکی گەورەدا ژیان بەسەر دەبات و کەسیش پێی نازانێت..

دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازی پلانێکە بۆ بنبڕکردنی ئەزمەی نیشتەجێکردن و کرێچی، ئەوەش بە دروستکردنی "شوقە"یەکی زۆرو دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیانی کرێچی بە بێ جیاوازی، بەڵام ئاخۆ کەی ئەو پرۆژەیە دەست پێدەکات و کەی تەواو دەبێ.. تۆ بڵێی دوای تەواوبوونیشی، ئێمەش چانسمان هەستێت و یەکێ لەو شوقانەمان دەست کەوێت..!!؟؟ گەر بە کرێش بێت گرنگ نیە..

من خۆم خاوەن خێزانم و سێ منداڵم هەیە، ماوەیەکی زۆرە وێڵم بەدوای جێیەك، بەڵام هەر کە جێیەك دەدۆزمەوە، کە زاری خاوەنەکەی دەکەمەوەو پێی دەڵێم بەچەند دەیدەیتە کرێ، بە نرخێکی خەیاڵی وەڵامم دەداتەوە..!! منیش ئەو نرخەم لە توانادا نیە، تا بتوانم بچمە ناوی، بۆیە وازی لێدێنم و لەدوای یەکێکی دی دەگەڕێم، دانەیەکی دی دەدۆزمەوە، بەهەمان شێوە، بەدوای یەکێکی دی بەهەمان شێوە.. بەو حاڵە ئەوە پیشەمە..!!

باشە، ئەی چار؟!، ئێمە دەبێ هەروا بێ جێگە و شوێن بین و ئەو خانووە بەتاڵانەی کە خاوەنەکانیان دایانناون بۆ کرێ و داوای نرخێکی خەیاڵی لێ دەکەن، هەروا بە بەتاڵی بمێننەوە.. خۆزگە وەڵامی ئەو پرسیارەم دەزانی..!!

راستە جووڵەیەکی خزمەتگوزاری گەورە لەهەموو شارەکەدا دەبینرێ، لە رووی جوانکردنی شارو دروستکردنی باڵەخانەو فوتابخانەو پردو دروستکردنی وەزارەتەکان لەسەر شێوازی مۆدێرن و نۆژەنکردنەوەی شەقام و قیرتاوکردنی شەقامە قیرنەکراوەکان و دروستکردنی زێراب و .. و.. تد. بەڵام ئەزمەی خانووش زۆر بە زەقی بەدی دەکرێت، خۆزگە پرۆژەی دروستکردنی شوقە، پێش ئەوانی دی دەکرا، چونکە بەراستی کێشەیەکی گەورەی بۆ خەڵکی دروست کردووە.. راستە ئەو پرۆژانە ئێجگار پێویستن بۆ ئەمرۆی شارەکەمان، بەڵام گەر منێك بێ خانوو بم، جوانکردنی شار چ لە حاڵ و وەزعی من دەگۆڕێت، با شارەکەم بەهەشت بێت، بەڵام کە من جێگەی خۆم و خێزانم نەبێتەوە، بەمن چی..!!

ماڵ هەیە لەم شارە، خانووی هەیەو چۆڵە، هەر بە کەیفی خۆی قفڵێکی گەورەی لێ داوەو پێویستی پێی نیەو نایداتە کرێ، گەر بیداتە کرێش، ئەوا داوای نرخێکی زۆر دەکات. تەنها سەنتەرو رێکخراوەکان دەتوانن ئەو خانووە بگرن..!!

من بەردەوام لە جێیەك دەگەڕێم، بەڵام ئەگەر هەر هیچ جێیەکم چنگ نەکەوت، ناچارم لەبەرامبەر ماڵە بەرپرسان خێوەتێك هەڵدەم..!! بە بێ قسەکردن تێی دەگەیەنم، کە منیش مرۆڤم و پێویستم بەوە هەیە لەم شارە تەنها لە ژوورێکیشدا بێت سەرم کز بکەم.. جا تکایە چارەسەرێك..

لەگەڵ رێزمدا..

هێمن حەساری

(**hemin12002@yahoo.com**)

رۆژنامەنووس

٢٠٠٥/٦/٢١

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com